# بەرنامەی هەڵبژاردنی لیستی (یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق - ساڵی ٢٠١٠ لەپێناو (چەسپاندنی مافەکان و ئایندەیەکی باشتر)




(بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان)

**دیدی ئاینده**:

گەشەدان بەپرۆسەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ بنیاتنانی عێراقێکی سەقامگیرو سەربەخۆی سیاسی و گەشەکردووی ئابوری و، پەیوەستی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پاراستنی تایبەتمەندی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی پێکهاتەکانی تر.. هەروەها کارکردن لەگەڵ هێزە دڵسۆزەکان لەپێناو دابینکردنی مافە دەستورییەکانی گەلەکەمان لەکوردستان، لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسی و فرەییدا.

**پەیام**:

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەسۆنگەی هەستکردنی بەپێویستی چەسپاندن و بەرەوپێشبردنی مومارەسەی دیموکراسیانەی راستەقینە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەپێکهێنەرو کەناڵەکانی.

**یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بڕیاری بەشداری ئەو پرۆسە دیموکراسیەی دا لەپێناو:**

١ - چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراسی و دەوڵەتی یاساو وەرگرتنی دەستور وەك سەرچاوەیەك بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی و چارەسەری ناکۆکیەکان و تەواوکردنی بنیاتنانی سیستەمی فیدراڵی.

٢ - چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ژێر رۆشنایی سەرچاوەی دەستورو، گرتنەبەری رێگای گفتوگۆی بنیاتنەرانە.

٣ - جێبەجێ کردنی مادەی(١٤٠) و، هاوکات کۆتایی هێنانی گرفتی کەرکوك و ناوچە جێ ناکۆکەکان.

٤ - بنەبڕکردنی گەندەڵی و بەکارهێنانی سامانی عێراق لەخزمەتی گەلداو، بڕینی بەشێك لەداهاتی نەوت و دابەش کردنی بەسەر هاوڵاتیاندا.

٥ - داکۆکیکردن لە مافە بە دەستهاتووە دەستوریەکانی گەلی کوردستان و پێداگرتن لەسەر ئەو هەوڵانەی کە دەسەڵاتەکانی هەرێم دەچەسپێنن.

**دوپاتکردنەوە لەسەر رۆشنی بەرنامەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، دوپاتکردنەوەی پابەندبوونی پالێوراوانیەتی، بە بنەما و نەگۆڕە گشتییەکان کە لەم ئامانجانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت.**

**یەکەم:** حوکمڕانیەکی دیموکراتیانەی راست و دروست مسۆگەرکردنی پاراستنی مافەکان و ئازادییە بنەڕەتیەکانی سەرجەم هاوڵاتیانە، لەرێگای کاراکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی چاودێری و بەهێزکردنی شێوازی لێپرسینەوەو شەفافیەت و چەسپاندنی بنەمای فرەیی و سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات، لەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێن و، بنەبڕکردنی گەندەڵی و، کاراکردنی رۆڵی بێ لایەنانەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**دووەم:** دەسەڵاتێکی دادوەری و یاسایی سەربەخۆ بۆ هاتنەدی دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەموان، لەرێگای سەربەخۆیی دادگا و بێ لایەنی دەزگاکانی و، کاراکردنی رۆڵی داواکارانی گشتی و کەمکردنەوەی رێوشوێنە رۆتینیەکان لەدادگاکاندا.

**سێیەم:** جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوری دەربارەی کەرکوك و ناوچە جێ ناکۆکەکان و، دیاریکردنی سنوری هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:** باشترکردنی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ ناوەند لەرێگای دەستوری هەمیشەیی، بۆ چارەسەری دابەشکردنی سامان و دەسەلات لەنێوان ناوەند و هەرێمدا، هەروەها چارەسەری بوونی پێشمەرگە و چەسپاندنی وەك بەشێکی سەرەکی هێزە چەکدارەکان لەعێراقی یەکگرتوو و، نەخشاندنی میزانیەی دارایی هەرێم کە پشت بە ژمارەی دانیشوان و مەحرومیەت و بەروبوومی ناوچەکە دەبەستێت لەروی دەرهێنانی نەوت و غازەوە.

**پێنجەم:** مسۆگەرکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتی و کۆمەڵگە.

**شەشەم:** بنیاتنانی پەیوەندیەکی نێودەوڵەتی بەهێزو بەشداری کارای هەرێمایەتی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و رێز لەیەکتر گرتن و دەست وەرنەدانە ناو کاروباری ناوخۆ و، رێزگرتنی سەروەری نیشتمانی عێراق.

**حەوتەم:** بەئابورییەکی فرە دەرامەت و کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و هاوڵاتیەکی بەرهەمهێن، هەست بە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی کامەران دەکرێت، لەرێگای باشکردنی وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ هاوڵاتیان لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی بەپلان دارێژراو و گەشەکردوودا.

**هەشتەم:** رۆڵی سەرەکی بۆ کەرتی تایبەت لەپرۆسەی گەشەپێداندا، لەرێگای پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست لەخزمەتگوزاریە بانکییەکان و سیستەمی گرێ بەستی و وەبەرهێنانەوە.

**نۆیەم:** دابینکردنی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی پێویست بۆ هاوڵاتیان (ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستی، کارەبا، سوتەمەنی، گواستنەوە و گەیاندن).

**دەیەم:** دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و باش و خۆراکی بۆ هاوڵاتیان.

**یانزەهەم:** لەناوبردنی هەژاری لەرێگای بەهێزکردنی سیستەمی ئابوری و بەرهەمهێنانی باشتری دەرامەتە سروشتییەکان و رەخساندنی دەرفەتی کارو مسۆگەرکردنی ئاستی بژێوی و شوێنی نیشتەجێبونی گونجاو بۆیان.

**دوانزەهەم:** شوێنی نیشتەجێبون بە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێویستەوە، بۆ سەرجەم هاوڵاتیان و رەخساندنی کارو زاڵبوون بەسەر بێکاریدا.

**سیانزەهەم:** باشکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز بەرەو هەمەجۆری لە دەرامەتە ئابوریەکان و چەسپاندنی گەشەکردنیکی بەردەوام، لەرێگای زیادکردنی بەرهەمی نەوت و غاز و چەندبارە کردنی بەرهەمهێنانەکانیان، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ناوخۆییەکان و، هاندانی بەرهەمهێنراوە نەوتیە هەمەجۆرەکان.

**چواردەهەم:** گرنگیدان بە کشتوکاڵ وەك دەرامەتێکی ئابوری گەشەکردنی لادێ لەبەرامبەر شاردا، لەرێگای دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پێشکەشکردنی پێداویستییەکانی ژیان و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی تۆڕە هەمەجۆرەکانی ئاو و، کارکردن لەسەر دامەزراندنی بەست و بەنداو لە پێناو زیادکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی و دابینکردنی ئاوی ژێر زەوی.

**پانزەهەم:** گەشەکردنی پیشەسازی و هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن، بەپشتگیری وهاندانی پرۆژە بچوك و مامناوەندییەکان، لەرێگای دوورخستنەوەی دەوڵەت لەپرۆژە پیشەسازییە بچوك و مامناوەندیەکان و، پشتگیری کردنی لەچوارچێوەی بودجەی دەوڵەتداو، هاندانی پیشەسازییە گەورەکان لە بوارەکانی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەو پیشەسازییە پترۆکیماویەکان و کشتوکاڵ.

**شانزەهەم:** سیستەمێکی پەروەردەیی پاشان فێرکردن، بۆ خستنەگەڕی لێهاتن و پسپۆریە پێویستەکانی پرۆسەی گەشەکردن، لەرێگای گرنگی دانێکی بەرنامەدارێژراو بە بەها ئیسلامیی و مرۆڤایەتیەکان لەدام و دەزگاکانی خوێندندا، بۆ بەهێزکردنی گیانی دڵسۆزی و لێبوردەیی و خۆشەویستی و نیشتمانپەروەریی راستەقینەو، هەست بەبەرپرسیارێتی کردن و، دژایەتی و نەویستنی ستەم و توندوتیژی و سڕینەوەی ئەویترو، نوێکردنەوەی پرۆگرامە پەروەردەییەکان بە هەماهەنگی نێوان رەسەنایەتی و نوێخوازی.

**حەڤدەهەم:** ژیانێکی خاوێن لەرێگای چاودێرییەکی توند لەسەر کارگەو ئەو پیشەسازییانەی ژینگە پیس دەکەن، هەروەها فراوانکردنی روبەری سەوزایی ناوشارەکان و دەرەوەیانداو، گرنگی دان بەدارستانەکان و هەڵمەتی نەمام چاندن و، خاوێنکردنەوەی ژینگە لەپاشماوەکانی جەنگ.

**هەژدەهەم:** فەراهەمکردنی ئاسایشی کۆمەلایەتی بۆگشت توێژەکانی کۆمەڵگە لەرێگای کاراکردنی پەیمانگا نێودەوڵەتیەکان و، دیاریکردنی بەشێکی تایبەت لە بودجەی گشتی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان:

**(ئافرەتان):** بەشداری پێکردنیان لەپرۆسەی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیارو جیا نەکردنەوەیان لەگەڵ پیاوان لەشوێنە باڵاکان و پلە تایبەتەکان و دژایەتی هەرجۆرە توندوتیژیەك دژ بە ئافرەتان.

**(لاوان):** دابینکردنی دەرفەتی کارو، پشتگیری پێویست بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و کاراکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی گەنجان و پاراستنیان لە دەستێوەردانی دەرەکی.

**(منداڵان):** مسۆگەرکردنی خوێندنی ئیلزامی بۆ هەموو منداڵێك و، پاراستنی لەتوندتیژی و کارپێکردنی نەشیاو پێیان.

**نۆزدەهەم:** گەشەپێدانی گەشتوگوزارو کەلەپوری رۆشنبیری و شوێنەوارییمان لەرێگای هاندانی وەبەرهێنەرە گەشتیاری و خۆشگوزەرانیەکان و، پاراستنی کلتوری رۆشنبیری ئیسلامیی و نەتەوەیی و، زیندوکردنەوەی شوێنەوارە دێرینەکان بەشێوازێکی هونەریی نوێ.

**بیستەم:** دامەزراندنی مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەو پسپۆری لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆ پشتگیری رەوتی گەشەپێدان و بنیاتنان، بۆ بەهێزکردنی گیانی دامەزراوەیی و، بیرۆکەی ستراتیژی و، پاراستن و خستنەگەڕی پسپۆرییەکان بەپێی پێداویستی رەوتی گەشەسەندنەکە.

**پاشانیش پێشنیاری هۆکارو رێگاکانی بەرجەستەکردنی ئەم ئامانجانە لەرێگای هەنگاوی رۆشنی خوشك و برا دەنگدەرەکانەوە بەمەبەستی بەرجەستەکردنی نەگۆڕەکانی دیموکراتی لەلایەك و، کاراکردنی رەوتی گەشەپێدان لەلایەکی ترەوە..**

**بۆبەرجەستەکردنی ئەمەش بێگومان پالێوراوانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کاردەکەن لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان لەرێگای چەند هەنگاوێکەوە لە سەرجەم کەرتەکاندا، بەپێی دەست پێشخەرییەکانیان کاتێك بەدەنگەکانتان گەیشتنە ئەنجومەنی نوێنەران.**

## یەکەم/ فەرمانرەوایەتیەکی دیموکراسی دروست و بەهێزو مسۆگەرکردنی ماف و ئازادییە بنەرەتیەکان بۆگشت هاووڵاتیان:

١ -پێکهێنانی دەستەیەکی سەربەخۆو پسپۆر بۆ هەڵسەنگاندنی کاری ئەو دام و دەزگایانەی لەبواری یاسادانان و جێبەجێکردندا کار دەکەن، لەبەر مسۆگەربونی کاروباریان بەپێی پێوەرە زانستیە دروستەکان و بێ لایەنیان، بەرەو سیستەمێکی حوکمرانی، کار بۆ پاراستنی بەرژوەندی هاوولاتیان بکات، ئەمەش لەچرپڕی سەرجەم چالاکیەکانیدا.

٢ -کاراکردنی رۆڵی دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکاو یەکێتییە پیشەییەکان، بۆ قوڵکردنەوەی رۆشنبیری ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی، لەبەر پاراستنی رێزی ئەم ئازادیانە لەلایەن هەمووانەوە.

٣ -کاراکردنی رۆڵی بێ لایەنانەی دەزگاکانی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن، لەبەر رێزگرتنی سەروەری یاساو پاراستنی سەرجەم مافە یاساییەکانی هاووڵاتیان بەدادوەپەروەری و یەکسانی.

٤ -پشتگیری و هاوکاری سەربەخۆیی بوونی مادی و مەعنەوی راگەیاندنی ئازادو، هەستان بە رۆڵی کاریان بەرەو دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین و دروستکردنی رای گشتی.

٥ -چەسپاندنی نەهجێکی دیموکراسی کە لەسەر فرەیی سیاسی وەستاوە، هەروەها جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەلات و کێبڕکێ لەسەر چاککردنی باری ژیان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان.

٦ -کاراکردنی یاسای بنەبڕکردنی گەندەڵی بەهەموو جۆرەکانیەوە، پشتگیری سەربەخۆیی دامودەزگا حکومی و ناحکومیەکان کە لەو بوارەدا کار دەکەن، بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ بەهەدەرچوونی دەرامەتی دەوڵەت دابنرێت، پاشان دابەشکردنی ئەو دەرامەتە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هاوڵاتیاندا.

٧ -رێزگرتن و پشتگیری مەبدەئی شەفافیەت و لێپرسینەوە لەهەموو لایەنەکانی کاری حکومی و تایبەت و، دانانی یاسای رێکخراو بۆ ئەو بوارە، تا باشی بەرووبوم و دەرامەتەکان بپارێزرێت و لەخزمەتی هاوڵاتیاندا سەرف بکرێت.

٨ - پشتگیری یەکێتی نیشتمانی و یەکسانی لەماف و ئەرکەکاندا لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونی تەواو بۆ هەموو نەتەوەو ئایینەکان وەك ئەوەی لەدەستوردا هاتووە.

٩ - پاراستنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکا پیشەیی و کرێکاریەکان و کۆمەڵە خێریەکان لە هەر دەستێوەردانێکی رەسمی و سیاسی.

## دووەم/ دەسەڵاتێکی یاسایی و دادوەری سەربەخۆ بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەموان:

١ -پشتگیری سەربەخۆیی دادگاکان لەرێگای دووپاتکردنەوەی مەبدەئی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، لەبەر دووربوونیان لەدەستێوەردانی حیزبی و سەرخستنی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەت و بەشێکدا.

٢ -کاراکردنی رۆڵی داواکارانی گشتی و رەخساندنی هۆکاری پێویست بۆ چاودێری وردو روون بەسەر وردەکاری دۆسیە یاساییەکاندا و تۆڵە سەندنەوە لە خراپەکاران و ئەوانەی یاری بە بەرژەوەندی گشتی وولاتەوە دەکەن.

٣ -گرتنەبەری رێو شوێنی پێویست بۆ خێرا ناساندنی دۆسیە یاساییەکان بەهاوڵاتیان و، یەکلاکردنەوەی بەجۆرێك رۆڵی دادگا بە سەروەری بهێڵێتەوە لەژیانی گشتی دا، لەپێناو چەسپاندنی دادپەوەری و یەکسانی و بونی هەموان لەبەردەم یاسادا.

## سێیەم/ مسۆگەرکردنی ئاسایش بۆهاوڵاتی و کۆمەڵگە:

١ -بەهێزکردنی گیانی نیشتمان پەروەری و ئەخلاقیەتی ئەوانەی لەدەزگاکانی ئاسایشدا کاردەکەن، لەو نێوندەشدا پاراستنی بێ لایەنیان تەنها بۆ یاسا نەبێت لەمامەڵە کردنیان لەگەڵ هاوڵاتیان.

٢ -رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ بێکاران، بۆ رێگرتن لەو کارانەی هاندەرن بۆ قۆستنەوەی باری گوزەرانی خراپی هەندێ لە هاوڵاتیان لە تیرۆرو تێکدانی باری ئاسایش.

٣ -بەرزکردنەوەی توانای بەرگری و ئاسایشی ولات، بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە پێناو چەسپاندنی ئاسایش و ئارامی دا.

٤ -بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان لەپارێزگاری ئاسایش و هاندانی گیانی هەست بە بەرپرسیارێتی کردن .

٥ -کارکردن لەپێناو سەربەخۆیی بوونی دامودەزگاکانی ئاسایش لەدەستێوەردانی حیزبی وسیاسی بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر.

٦ -کاراکردنی خزمەتی سەربازی ئیلزامی بۆ چەسپاندنی مەبدەئی لایەنگری بۆ نیشتمان.

٧ -پاراستنی ولات لە دەستێوەردانی ئاسایشی دەرەکی، بەهەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ ولاتانی دراوسێ لە چوار چێوەی رێزی دراوسێ و، پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش، بۆ رێکخستنی سنورەکان و چاودێری و پاراستنی لەهاتنە ناوەوەی کەسانی تێکدەر.

## چوارەم/ پەیوەندییەکی نێودەوڵەتی بەهێزو بەشدارییەکی هەرێمی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و رێز لە یەکتر گرتن:

١ -بەهێزکردن و زیادکردنی نوێنەرایەتی سیاسی و دیبلۆماسی لەدەرەوە، لەپێناو رەخساندنی گەورەترین پشتگیری پێویست بۆ رەوتی گەشەکردن لە عێراقدا.

٢ -پاراستنی ئاوارەو راگوزێراوەکان لە رۆڵەکانی نیشتمان لە دەرەوەی عێراق و، پاراستنی مافەکانیان لەگەڕانەوە بە ویستی خۆیان بۆ ولاتەکەیان و، رەخساندنی دەرفەتی کارو ئیمتیازاتی گونجاو بۆ خاوەن بەهرەکان و پیاوانی خاوەن کارو هاندانیان لەسەر بەشداری کاریان لەپرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدان.

٣ -هەوڵدان چڕوپڕ بۆ دەرهێنانی عێراق لە بەندی حەوتەم لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو پاراستنی سەربەخۆیی عێراق لەرووی سیاسی و ئابوورییەوە، لە بەگەڕخستنی سامان و دەرامەتی نیشتمانی لە بەرژەوەندی ولاتدا.

٤ -پەرەپێدانی پەیوەندی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و رێزگرتن لە یەکترو دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆو رێزگرتن لەسەروەری نیشتمان.

## پێنجەم/ بە ئابووریەکی فرە دەرامەت و کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و هاووڵاتیەکی بەرهەمهێن هەست بەخۆشگوزەرانی و ژیانێکی سەربەرزانە دەکرێت:

١ -کار لەسەر پەلەکردن لە دیاریکردنی دیدی ئاینده و نمونەی دەوڵەتی گەشەسەندو، لەپێناو پلانرێژی داهاتوویەکی تەندروستدا.

٢ -هەمەجۆری چالاکیە ئابوریەکان لەپێناو کەمکردنەوەی پشت بەستن بە نەوت و مسۆگەربوونی بەردەوامی رەخساندنی خۆشگوزەرانی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو بۆ هاووڵاتیان.

٣ -بەهێزکردن و کاراکردنی سیستەم و دەزگاکانی کارکردن لەبواری سەروەری یاساو لێپرسینەوەو شەفافیەت، لەپێناو گرەنتی کاری باش و جۆرێتی بەرهەم و خزمەتی پێشکەشکراو بە هاوڵاتیان، هەروەها لەناوبردنی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانیەوەو بەکارهێنانی سەرجەم هۆکارو تەکنۆلۆژیا پێشکەوتوەکان.

٤ -فراوانکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لە ئابوری نیشتمانی و بەرەوپێشبردنی کاری ئەو دەزگایانەی نوێنەرایەتی دەکەن، لەگەڵ پارێزگاری نەمانی رۆڵی پلانڕێژی و چاودێری و هەڵسەنگاندنی حکومەت لەبەڕێوەبردنی ئابوریەکدا کە پلە بەپلە کار بۆ کۆمەڵگەیەکی ئارام و دیموکراسی دەکات.

٥ -پەیڕەوکردنی سیاسەتی لامەرکەزی لەدابەشکردنی دادپەروەردانەی سامان و دەسەلاتدا، هەروەها کاراکردنی رۆڵی دەسەلاتی پلانداناان و جێبەجێکردن و چاودێری و هەڵسەنگاندن لە نێوان ناوەندو هەرێمی کوردستان و پارێزگاکاندا، بەشێوەیەك دوور بێت لە دژایەتی جۆراوجۆر و رێگر لەبەردەم رەوتی خێرای گەشەپێدان و بەرەوپێشچووندا.

٦ -کاراکردنی سیاسەتی دارایی دەوڵەتی و پاراستنی ئەو ئاستەی موچەی ئێستای هاووڵاتیان و دانانی سیاسەتێك کە کار بۆ زیادکردنی دەکات، بەهەماهەنگی لەگەڵ زیادکردنی بودجەی وەبەرهێناندا.

٧ - دانانی سیاسەتێکی دارایی کە پشتگیری بەرهەمی ناوچەیی دەکات بەهەموو جۆرەکانیەوەو، کارکردن لەسەر ئەوەی بازاڕی ناوخۆو دەرەوەی بۆ برەخسێنرێت.

٨ -چاکسازی سیستەمی بانکی و دارشتنەوەی پەیکەرەکەی و پەرەپێدانی توانای ئەو کارمەندانەی لەبانکە گشتی و تایبەتیەکاندا کاردەکەن، هەروەها زیادکردنی شەفافیەت و، چاودێری لەبانکە ناوەندیەکان و ئامێرەکانی چاودێری دارایی و هاندانی بانکە تایبەتەکان، بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی ئەوانەی کار بە خزمەتگوزارییەکانیان دەکەن و، هەڵوەشاندنەوەی قازانج و سیستەمی زیادەو ئاسانکاری لەپێناو تۆماری خانووبەرەو، دابینکردنی کارتی پشتگیری نێودەوڵەتی لەمامەڵە بانکییەکان، بەوشێوەی کاری خزمەتگوزاری بانکی ناوخۆو دەرەوە بۆ هاووڵاتیان ئاسان دەکات کە پرۆسەی گەشەپێدان دەیخوازێت.

٩ -بەستنەوەی بڕی تایبەتکراو بەگەشەپێدانی پارێزگاکان لەگەڵ رێژەی دانیشتوان و پلەی بێ بەش بوون و پێداویستیە سەرەتاییەکان لەپارێزگاکاندا بۆ دابەشکردنێکی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی داهاتی دەوڵەت.

١٠ -پێویستە سیاسەتی نەقدی دەوڵەت ملکەچ بێت بۆ تێکرای خراپی باری گوزەران و هەڵاوسان لەبازاڕەکاندا، بۆ دابینکردنی باشترین شمەك و خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان بەکەمترین نرخ.

١١ -بەسەرنجدان لەپێویستی عێراق بەکۆمەکی گەورە بۆ گەشەسەندن، پێویستە پرۆسەی قەرز بۆ هاووڵاتیان ئاسان بکرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی تێچوون لەسەریان و، بەڕێوەبردنی قەرزی حکومی بەرەو چالاککردنی وەبەرهێنان بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەتایبەت بۆ پرۆژە مامناوەندو بچوکەکانی وەبەرهێنان.

١٢ -ئاسانکردنی دەرفەت لەبەردەم وەبەرهێنانی بیانی و ناوخۆ، لەرێگای بەرەوپێشبردنی سیستەمی وەبەرهێنانی سەربەخۆو ئەوەی پێوەی بەندە لە دابینکردنی ئاسایش و رێکخستنی یاساکان و سیستەمە ئیداری و رۆتینیەکان.

١٣ -دیاریکردنی بەشێکی تایبەت لە بودجەی گشتی دەوڵەت بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری لاوان و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێی گونجاو بۆیان، لەگەڵ دابینکردنی دەرفەتی کار بۆیان.

١٤ -سەرپەرشتی دایکانی بێکارو خانەنشینان و پەککەوتوان و نابینایان و خاوەن شەهیدەکان و زیادکردنی دەرماڵەی ساڵانەیان بەپێی باری گوزەرانی گشتی.

١٥ -هاندانی لاوان بۆ کارکردن لەکەرتی تایبەتدا، لە رێگای بەرەوپێشبردنی یاسای کارو پاراستنی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی مسۆگەری یاسایی بۆمافە تەندروستیی و گوزەرانی ئاییندەیان (خانەنشین بوون) دەکرێت.

١٦ -کاراکردنی سیستەم و یاساکانی پاراستنی بەکاربەرو کێبڕکێ، بەو شێوەیەی مافی بەکاربەر پارێزراو بێت لەیاری پێکردن و گزیکاری بازرگانی.

١٧ -کاراکردنی سیستەم و یاساکانی نەهێشتنی قۆرخکاری بەگشتی و، خۆرکاری کەمینە بەتایبەتی، لە بازارو شوێنەکانی بەرهەمهێنان بەهەموو جۆرەکانیەوە، بۆ پاراستنی یەکسانی دەرفەتی گەیشتنی هاووڵاتیان بەسەر دەرفەتی وەبەرهێناندا و، نەهێشتنی قۆستنەوەی قۆرخکارەکان بۆیان لەنرخی شمەك و خزمەتگوزاریەکاندا.

١٨ -چاکسازی سیستەمی گرێبەستی نێوان بەڵێندەران و نوێنەرانی دەوڵەت لەپارێزگاو وەزارەتەکان .

## شەشەم/ رۆڵی سەرەکی بۆ کەرتی تایبەت لە پرۆسەی گەشەپێداندا:

١ -گرنگی دان بەپرۆگرامی ئابوری باوەڕپێکراو لەسەر رۆڵی سەرەکی بۆ کەرتی تایبەت لە سەرجەم چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، لەرێی بەرنامەیەکی چاکسازی ئابورییەوە.

٢ - هاندانی کەرتی تایبەت بۆ رونکردنە بەرهەمهێنانێکی باشتری دەرامەت و سامانی سروشتی.

٣ - جێبەجێکردنی بەرنامەیەك بۆ خەسخەسە کردن و بەشداری کەرتی تایبەت لە لیژنە باڵاکان و ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی حکومەت وسندوقەکان لەناوەندەکانی بڕیارە ئابوریە ستراتیژی و گرنگەکانی ولاتدا.

٤ -بەشداری پێکردنی کەرتی تایبەت لەچالاکیەکانی ژێرخانی ئابوری و خزمەتگوزاری و زیادکردنی چەندێتی و چۆنێتی بەرهەمی ناوچەیی.

٥ -بەرەوپێشبردنی سیستەمی گرێبەست و گەیشتنێکی دادپەروەرانەی کەرتی تایبەت بەسەر تەندەری پرۆژەکان و بنەبڕکردنی قۆرخکاری کەمینەیەك بۆ پرۆژەکان.